# پێویستە هەمووومان پەرە بە زمانی کوردی بدەین !

حوسێن ئیسماعیل خان دەلۆ

زمان وەکو پێویستیەکی بنەڕەتی و هەمیشەی ڕۆژانەی مرۆڤ هەر لە دێر زەمانەوە لە سەرەتای دروستبوونی یەکەم کۆمەلگای بەشەریەوە بۆ میسەر بوون و رای کردنی کارەکانی مرۆڤ پەنای بردوەتە بەر ئاخاوتن و لە یەکحالێبوون بەمەش رەنگە هەندێك جار زمانی هاوبەش لەنێو مرۆڤەکان و کۆمەلگاکاندا دروست بووبێت بەم پێوەدانگە زمان ئەفراندن و داهێنانی هیچ زانا وبیریار و هزرمەندێك نییە بەڵکو لە ئاکامی پێداویستیەکانی مرۆڤەوە سەری هەڵداوە ، زمان میراتێکی گرنگی باب و باپیرانمانە و قۆناغ بە قۆناغی مێژوو ئالۆ گۆڕیەکی کەمی بەسەردا هاتووە ، لە سەردەمی سۆمەریەکانەوە کە نووسین هاتووەتە ئاراوە ووشە کە یەکەیەکی بنەڕەتی رستەی ئاخاوتن و لێدوانە کەمترین گۆڕانی بەسەردا هاتووە .

زمانی کوردی بە درێژای مێژووی داگیرکاری نەتەوەی کورد هەر لە سەروەختی ساسانی و ئومەوی و عباسی و عوسمانی و سەفەوی و تاکو دوا ساتەکانی رژێمی لەناوچووی عێراق زمانی کوردی بەر هەرەشەی زمانی داگیرکەران کەوتووە سەدان ووشەی نامۆ هاتووتە ناو زمانی کوردیەوە ، چونکە کورد ناچار کراوە لە فەرمانگە و قوتابخانە و زانکۆ و دامو دەزگا فەرمیەکانی دەوڵەتدا بەزمانی نەتەوەی سەردەست بدوێ و بنوسێ و بخوێنێتەوە ، کتێب و رۆژنامە وگۆڤار و چاپەمەنیەکان بە زمانی نەتەوە سەردەست دەردەچوو یانەی رۆشنبیری و کۆڕو سمینارەکان کەمترین رێژەیان کوردی بوون و تەنانەت لە هەندێك جێگادا زمانی کوردی قەدەغە و یاساغ بووە .

زمان یەکێکە لەپایەکانی دروست بوونی نەتەوە و فاکتەر و مەرجی پێکهێنەری نەتەوەیە ، شۆڕش و راپەڕین و بەرخودانە یەك لەدوای یەکەکانی کورد هەوڵی پاقژکردنەوەی زمانی کوردیانداوە لەو هەموو ووشە بێگانانەی کە ئاوێتەی زمانی کوردی بوونە و لە زمانحاڵ و راگەیاندن و چاپەمەنی و کۆڕو کۆبوونەوەکانیاندا بەزمانێکی پاراو و ڕەسەنی کوردی پیشینەکانی خۆیان پێشکەش کردووە وەزمانیان بۆ دەربڕین و گوزراشتکردن لەبیرو راکانیان بەکار هێناوە ، بۆیە دەبینین زمانی کوردی لە چاو سالآنی پێشووتردا هەنگاو و تەکانێکی باش هاتووتە پێش روو لە ساتندار بوونی زمانی کوردی لەلایەك و لەلایەکی ترەوە پاراووبوون و روو لە زگکماکی بوونی زمانی کوردی دەچێت .

پاش ئەوەی رژێمی شۆڤێنی و رەگەزپەرستی بەغدا لە ناوچوو و دامودەزگا سەرکوتکەر و داپلۆسێنەرەکانی پێچرایەوە هەوڵێکی بەرچاو دەبینرا بۆ بە فەرمی کردنی زمانی کوردی لە عێراقێکی فیدراڵدا ، سەرۆك مەسعود بارزانی لە راگەیاندنی واژۆکردنی یاسای حکومەتی کاتی عێراقدا بەزمانی کوردی موژدەی بەخەڵکی عێراقدا و پیرۆزبای لە جەماوەری کوردستان کرد وە لە کۆشکی سپی کە پۆپەی سەنتەری بڕیار بەدەستی زلهێزترین وڵاتی جیهانە لەگەڵ سەرۆك بۆشدا بەزمانی کوردی دوا و هەر لەوێدا سەرۆکی عێراقی فیدراڵ بەڕێز جەلال تالەبانی بەزمانی کوردی

بەحزوری سەرۆك بۆش لە کۆنگرەی رۆژنامەنوسیدا ووڵامی رۆژنامەنووسێکی دایەوە ، لە دەستوری هەمێشەی عێراقدا هاتووە زمانی عەرەبی و زمانی کوردی دوو زمانی فەرمین لە عێراقدا ، ئەو پەرلەمانەی کە 77 کورسی نوێنەرایەتی لیستی کوردستانیان تێدا دەکرد لە خولی پێشوی ئەنجومەنی نیشتمانی عێراقی فیدراڵدا تەنیا ووشەیەکی کوردیان لە هۆڵی کۆبوونەوەکاندا لە زار نەهاتە دەرەوە هەر وەکو جاخی جاران تەنها بەزمانی عەرەبی گفتوگۆ و قسە و باسەکان دەکرا جا نازانین ئەم خولەی پەرلەمان چۆن دەبێت ، هەرچی پولی پۆستە و دراوی عێراقی و جواز سەفەرو ئالاّ و ... هتد ئەوانەی کە لەلایەن حکومەتەوە دەردەچێت و مۆرکی زمانی فەرمی ئێمەی کورد دەسەلمێێ بوونی نییە و بە چاوی جاران دەنوارنە ئەو مەسەلەیە ، لە کەناڵەکانی راگەیاندنی حکومەتی عێراقەوە بە بینراو بیستراوەوە دەبێت بڵێین جاران باشتربوو ، نمایندەکانی ئێمە ناچار دەکرێن هەمیشە بەزمانی عەربی بدوێن و تەنانەت لەکوردستانیشدا ئەگەر برا عەرەبێك هاتە کوردستان کە ئێستا زۆربەیان روو لە کوردستان دەکەن بە هۆی شلۆقی و نائارامی ناوچەکانی خۆیانەوە و ئێمەش تەنیا ووشەیەکی عەرەبی نەزانین هەر دەبێت بە زمانی ئەو قسە بکەین ئەمەش مانا و مەدلولی خۆی هەیە .

مادام زمانی ئێمە فەرمیە لەعێراقدا پێویستە لە تەواوی عێراقدا تەنانەت لە ئەنجومەنی نیشتمانی عێراقیشدا کە سەرچاوەی دەسەڵات دانانە بەزمانی کوردی قسە بکەین و گوزارشت لە راو بۆچوونەکانمان بکەین و ناکرێ نکۆڵی لە زمانی زیاتر لە چل ملیون کەس بکرێت بە تایبەت لەم سەروەختەدا کە بانگەشەی ئەوە دەکرێت مافی تاکە کەسیش پێشیل نەکرێت ، ئەمەش هەوڵی بێوچانی دەوێت کە بۆ هەمووجیهان و هاووڵاتیە عەرەبەکان بیسەلمێنین کە زمانی ئێمە هیچی لە زمانەکانی تری گێتی کەمتر نییە و هاو کات لە رووی کەرەستە تەکنۆلۆجیەکانەوە ببێتە زمانی سەردەمی ناو ئامێرە پێشکەوتووەکان کە دەبینن هەنگاوی بۆ نراوە بەڵام دەبێت بێوچان بین لەو هەنگاوانە .